www.kurdistannet.org
7-2-2006 15:59 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# مەریوان هەڵەبجەیی پێویستی بە ناوبژیوان نی یە، بە بڕوای من با تایتلەكەی ئاوا بێت: با لە دیفاعمان لە ئازادی لێبڕاو بین! ... سامان ئەحمەد

سەرنجێك سەبارەت بە نامەی پشتیوانی چەند نووسەرێك كە لە كوردستان نێت بڵاوكراوەتەوە، من دڵنیام كە ئەو بەڕێزانەی ئەو نامە پشتیوانیەیان لەبەرواری ٦ / ٢ بڵاوكردووەتەوە لە دڵسۆزی و خەمخۆری خۆیان بۆ ئازادی بیروڕاو گیانی مەریوان هەڵەبجەیی یەوە ئەو هەنگاوەیان هەڵگرتووە. ئەم هەوڵەیان جێی تەقدیرو پێزانینە.
بەڵام دوای خوێندنەوەی نامەكەیان چەند ڕەخنە و تێبینی یەكم لا دروست بوو كە بە پێویستم زانی ئەو بەڕێزانە و خوێنەرانی ئازیزی لێ ئاگادار بكەمەوە،
شێوازێك كە ئەو بەڕێزانە بۆ بەرگری لە ئازادی بیرو باوەڕ دەست نیشانیان كردووە و لێ یەوە هەڵوێستیان نواندووە جێگای ڕەخنەی جدی یە لەگەڵ شێوازی ڕاستەقینەی بەرگری لە ئازادی بیروڕا دەربڕیندا ناكۆكە، ئەمەش بە تەواوی لە بڕگەی كۆتایی نامەكەیاندا ڕەنگ دەداتەوە كە دەنوسن: (ڕەوتە ئیسلامیەكان مافی سروشتی خۆیانە كە داوای خۆیان لە دادگا لەسەر ئەو كتێبە و هەر كتێب و نووسەرێكی دیكە تۆمار بكەن، كە پێیان وایە سوكایەتیان بە بەهاو پیرۆزیەكانی ئەوان كردووە. . . بەڵام نابێ مافی ئەوەیان بدرێتێ كە مینبەری مزگەوتەكان و میدیاكانیان. . . . . دژ بە نووسەران و نەیارانی خۆیان بەكار بهێنن)
ئەمە ئەو ئەلگۆ و شێوازەیە كە ئەم بەڕێزانە لە پەیوەند بە كێشەی مەریوان هەڵەبجەیی یەوە دیاریان كردووە. بەڵام ئەم شێوازە لەگەلڕ شێوازی ئازادیخوازی دا نایەتەوە، زیاتر نەخشی ناوبژیوانێك نیشان دەدا كە سەرەنجام تەنها ئازادی تیایدا دەبێتە قوربانی و پێم وانیە ئەو دۆستانە ئەوەیان مەبەست بێت.
من پرسیار لەوان دەكەم ئیسلامیەكان لە كام دادگا سكاڵاكانی خۆیان تۆمار بكەن، ئەو دادگایەی كە د. كەمال سەید قادری لەسەر نووسینەكانی بە ٣٠ساڵ حوكم دا؟ ئەو دادگایەی كە تا ئەمڕۆ بە قانون و یاساكانی ڕژێمی بەعس جێ بەجێ دەكات؟ ئەمە شێوازێكی هەڵەیە بۆ بەرگری لە ئازادی سیاسی.
پاشان ئەگەر دادگایەكی عادیلانەش وەكو ئەوەی لە دانمارك بۆ (پۆلسن) هەبێ ئیسلامیەكان بە چ هەقێك مافی خۆیانە داوای خۆیان لە دادگادا تۆمار بكەن، ئەی ئازادی بیروڕا چ مانایەكی دەبێ كە ئینسان لەسەر دەربڕینی بیروڕای خۆی و تێگەیشتنی خۆی (بەدەر لەوەی دروستە یان نا) ڕووبەڕووی دادگا بكرێتەوە. ئازادی بیروڕا و لێپێچینەوەی دادگا بۆ خۆی بەمانای بەرتەسك كردنەوە و بەرگرتنە بە ئازادی بیروڕا. مەگەر لە دانماركدا دادگایەكی عادیلانە نی یە؟ ئەی بۆ دادگا لێپێچینەوەی دادگایی لەگەلڕ (پۆلسن) نەكرد؟ چونكە ئازادی بیروڕا دەربڕین لەو وولاتەدا پارێزراوە و دادگا ناتوانێ بەری پێ بگرێت و بەرتەسكی بكاتەوە. پاشان نە (پۆلسن) نە مەریوان هەڵەبجەیی سوكایەتی یان تۆمەتیان بۆ شەخسیەتێكی مەوجودی ناو كۆمەڵگا نەكردووە تا بتوانێت وەكو كەسێك بەرگری لە كەسایەتی خۆی بكات، ئەوان تێڕوانین و بیروبۆچوونی خۆیان لەسەر ئاینێكی دیاریكراو یان شەخسیەتێكی مەعنەوی ئەو ئاینە دەربڕیوە. ئەمەش مافی هەر تاكە كەسێكە كە چۆن دەڕوانێتە ئاین و یاساكان و تەقلیدەكانی ئاینەكان و

شەخسیەتە مەعنەویەکانیان. هەرکەس لایەنگری ئازادی بیروڕا بێت دەبێت ئەم پرەنسیپانە بە ڕەسمی بناسێنێت و هەواڵەی دادگا و ڕەحمەتی دادوەری نەکات لە هیچ شوێنێکی دنیادا بە تایبەت لە کوردستاندا.

لەمەش گرنگتر کە شایەنی ڕەخنەی جدی یە، ئەوەی کە ئەو بەڕێزانە لەسەر ئەو بنەمایە ئەو مافە دەدەن بە ئیسلامیەکان کە گوایە: ئەگەر پێیان وایە سوکایەتی بە بەهاو پیرۆزیەکانیان کراوە!

بەڵام لە ڕاستی دا ئەمە پێچەوانەی هەر ئیدیعایەکی ئازادیخوازی، و کەوتنە ژێر فشاری هەژمونی ئیسلامە. کە کەس بۆی نی یە ڕەخنە لە دینەکەیان پێغەمبەر و قورئان و بەها و مقەدەساتەکانیان بگرێت، جا ئەو کەسە نووسەر یان وێنەکێش یان کارکاتۆریست یان سیاسەتمەدار بێت بەهەر شێوازێك کە لە توانایاندایە. ئەوەی کە پۆلسن بە کاریکاتۆر کردوویەتی هەمان ڕەخنەیە کە نووسەرێك بە چەند لاپەڕەیەك نووسیویەتی.

ئەگەر ئێمە ئازادیخواز بین ئەبێ بزانین کە مقەدەساتی ئیسلام جگە لە سەرکوت و پێشێل کردنی ئیرادەی ئینسان هیچی تر نی یە. حجاب یەکێکە لە مقدەساتی ئیسلام لەهەر کوێ دەسەڵاتیان هەبێ بە زۆری هەڕەشە و کوشتن حجاب بە ژنان دەپۆشن، من ناتوانم ئازادیخواز بم و دژی حجاب نەبم وەك سیمبولیکی ئیسلامی سیاسی ڕیسوای نەکەم.

هەربۆیە ڕەخنە و دژایەتی حجاب ئەرکێکی ئازادیخوازانەیە. ئەوەی کە ئیسلامیەکان قبوڵی ناکەن و بە سوکایەتی موقەدەساتی دەزانن ئەوە کۆنەپەرستی و سەرکوتگەری خۆیانە، نەك تاوانێك یان کارێکی نابەجێ لە لایەن نووسەر یان وێنەکێشێکی ڕەخنە گرەوە.

مقدەساتی ئیسلام سەراپای نوقمی خوێن و گیان هەڵکێشانی ئینسانە. بڕوانن ڕۆژانە ئیسلام و بیروباوەڕی ئیسلامی لە ژێر پەردەی ناموس پەرستی و زینادا گیانی چەندەها ژن سارد دەکاتەوە، ئایا ئەمە مقدەسە بۆ ئینسان بۆ ئازادیخوازان؟؟ بێگومان نەخێر دەبێ دە قات و سەد قاتی تر ئەم مقدەساتە دژی ئینسانیانە ڕیسوا بکرێن و بخرێنە زبڵدانەوە. ئەمەیە ئازادیخوازی، نەك مافی ئەوەیان بدەمێ کە لەسەر ریسواکردنی حجاب و گیان هەڵکێشانی ژنان پێم وابێ مقەدەساتی ئیسلامیەکان سوکایەتی پێکراوە و مافی خۆیانە ڕوو بکەنە دادگا. هاوکێشەکە بەتەواوی پێچەوانەیە.

ئەمڕۆ ئیسلامیەکان بە بەها و مقدەساتە کانی خۆیانەوە ڕۆژانە دەیان و سەدان ئینسانی بێ تاوان کەلەپاچە دەکەن هەڕەشە لە هەر سیمایەکی مەدەنی و ئازادیخوازی دەکەن و هەموو بەها و مقدەساتێکی ئینسانی پێ شێل دەکەن و بەبەرچاوی کۆمەڵگایەکی چەند بلیار ئینسانیەوە ئینسان سەردەبڕن و خۆشیان بە هەق دەزانن. ئەی بۆ ئێمە دەبێ بە ڕیسواکردنی ئەو بەها و مقدەساتە دژی ئینسانیانەی ئەوان مافی ئەوەیان پێ بدەین کە بمانخەنە قەفەسی دادگاوە.

بە پێچەوانەوە بەرگری لە ئازادیخوازی، ڕەخنە و وەستانەوەیەکی جد ی یە لەو بەها و مقدەساتە ئیسلامیانەی هەڕەشە لە کۆمەڵگای ئینسانی ئەمڕۆ دەکات. ئازادیخوازی ناکرێ بە ناوبژیوانی جێگای بگیرێتەوە.

دوا سەرنجم لەسەر نامەکەی ئەو بەڕێزانە ئەوەیە کە هەوڵ و خەباتی خۆیان لە ڕزگارکردنی تاکە کەسێکدا بەرجەستە کردووە کە ژیانی مەریوان هەڵەبجەیی لە مەترسی دایە! بەڵام ئەم تێگەیشتنە بەرتەسك کردنەوەی خەباتی ئازادیخوازانەیە، ئەوە کۆمەڵگایە لەبەردەم مەترسی هێرش و پەلاماری سەرکوت و تیرۆریزمی ئیسلامی دایە نەك تەنها

مەریوان هەڵەبجەیی. پەیامی ئێمە دەبێ پەیامێکی کۆمەڵایەتی بێت بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگا نەك بە تەنها تاکە کەسێك، ئەمە بەمانای بەتەنگەوە نەهاتنی گیان و سەلامەتی مەریوان هەڵەبجەیی نایەت بەڵکو بە پێچەوانەوە هەر کارێك لەو ڕاستایەدا پێویستە دەبیت ئەنجام بدرێت. بەڵام مەریوان ئیتر تەنها کەسایەتییەك نییە ڕەمزیکە بۆ بەگژا چوونەوەی مقدسات وتابۆ ئیسلامییەکان و هەر بەم مانایەش دەبێت پشتیوانی لێ بکرێت. ئێمە نابێ تێگەیشتن و بیرکردنەوە و پەیامی خۆمان بۆ ڕزگارکردنی یان ئازادکردنی هەر کەسێك لە چوارچێوەی بەرگری لە ئازادی بهێنینە خوارەوە، بۆ نمونە لە پەیوەند بە کەیس د. کەمالەوە هەرچەندە ئازادکردنی د. کەمال زۆر گرنگە بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە هەوڵی خۆمان بهێنینە خوارەوە بۆ ئەو ئاستەی بەهەر باج و نرخێك بێت بیدەین ئازاد بکرێت، بەرگری ئێمە لە هەرکەسێکی وەکو د. کەمال یان مەریوان بۆ خۆی بەرگریە لە ئازادی سیاسی و ئازادی بیروڕا دەربڕین..

لەکۆتایی دا هیوادارم ڕەخنە و تێبینی یەکانم نیگەران نەبن و کۆمەکێك بە هەوڵ و خەباتی ئێوە لە پێناو ئازادی بیروڕا دەربڕین بکات.

٢٠٠٦/٢/٧